د. بورهان یاسین مامۆستا لەزانکۆی سوید:

ناساندنی ئەنفال خۆی لەخۆیدا دەبێتە دەرفەتێك بۆ ئەوەی لەڕووی سیاسییەوە زیاتر دۆزی کورد بەرەو پێشەوە ببات

■ ئا/ ئارام حسێن*

سەعات شەشی سەرلەئێوارەی ڕۆژی ٢٠٠٦/٦/٧ بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ لەهۆڵی دیالۆگی مەکتەبی ڕێکخراوە دیم وکراتییەکانی(ی.ن.ك)کۆڕێکی بۆ نووسەری دووەم وڵات (بورهان یاسین) مامۆستا لەزانکۆی سوید بەناونیشانی(بەراوردێك لەتێوان جینۆسایدی ئەرمەن و هۆلۆکۆست و ئەنفال) ڕێکخست.

بابەتی کۆڕەکەی زیاتر بابەتێکی تیۆری و مۆدێلی بیرکردنەوەو کارکردن بوو لەسەر باس و خواسی جینۆسایدو ئەو چەمکانەی لەجینۆسایددا بەکارهاتوون، وای بۆ چووبوو بەراوردێکی ئالەوشێوەیە دەبێت لانیکەم لەدوولاوە تەماشا بکرێت یەکێکیان ئەکادیمییەو ئەویدیکەیان سیاسی، بەراوردی جینۆسایدی ئەرمەن و هۆلۆکۆست بەئەنفال بۆ ئەوەیە کەئەنفال بگاتە ئاستی ئەو دووجینۆسایدەو دونیای بەتەواوی لێ ئاگاداربکەین، زۆر زیاتر لەوە چووە ناو کرۆکی باسەکەوەو

بەهەڵەیەکی گەورەی دەزانم بەقوربانیانی ئەنفال بڵێین هاونیشتمانیانی عیراقی، چونکە بەعسی ڕوخاوی دیکتاتۆر هیچ بۆشاییەکی بۆ ئەوەنەهێشتبووە کەکەسی کورد پراکتیزەی هاوولاتیبوونی خۆی بکات

پێیوابوو ناساندنی ئەنفال خۆی لەخۆیدا دەبێتە دەرفەتێك بۆ ئەوەی لەڕووی سیاسییەوە زیاتر دۆزی کورد بەرەو پێشەوە ببات، ناساندنی ئەنفال واتا ناساندن و زیندوهێشتنەوەی مێژووی میللەتێکەو لێژەوە دەتوانرێت ببێتە پایەگایەك و بنەمایەکی باش ببەخشێتە سیاسەتی نێودەوڵەتی و نەتەوەییمان، وای بۆ چووبوو چەند هەنگاو لەبەزیندووهێشتنەوەو ناساندنی ئەنفال بچینە پێشەوە ئەوەندە لەدەوڵەتی نەتەوەیی نزیکمان دەخاتەوە، لەهەمانکاتدا ڕەخنەی لەلیژنەی نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عیراق گرت کەلەکاتی خۆیدا بەتایبەتی گروپی کوردی نەیانتوانی لەدێباچەکەیدا بەتەنها دێڕێك گوزارشت لەئەنفال بکەن، لەلایەکیترەوە بەهەڵەیەکی گەورەیزانی بەقوربانییانی ئەنفال بڵێین هاونیشتمانیانی عیراقی، چونکە بەعسی ڕوخاوی دیکتاتۆر هیچ بۆشاییەکی بۆ ئەوەنەهێشتبووە کەکەسی کورد پراکتیزەی هاوولاتیبوونی خۆی بکات، گوتاری سیاسی کوردیشی بەگوتارێکی سست دایەقەڵەم کەتائێستا نەیتوانیوە وەکو پێویست جینۆسایدی هەڵەبجەو ئەنفال بناسێنێت ئەگەر بەراورد بکرێت بەئەرمەن و هۆلۆکۆست. تەواو گەیشتبوە ئەو باوەڕەی کەئەنفال دەبێت لەزۆر ڕووەوە تەماشابکرێت و توێژینەوەی جیاجیای لەسەربێتەئاراوە لەمڕووەوە وتی: ئەنفال وەکو حاڵەتێکی گشتگیرو گشتی کەناوی جینۆسایدە دەتوانرێ لەڕووی مێژوویی و زانستی سیاسی و کۆمەڵناسی و دەروونییەوە بەهەموو شاخەکانییەوە دەتوانرێ تەماشابکرێ و توێژینەوەی زۆری لەسەربکرێ، وەکو ئەوەی لەجینۆسایدی ئەرمەن و هۆلۆکۆست کراوە، لەبابەتی ئەنفال و جینۆسایددا شتێ گرنگە پێی دەڵێن یادەوەری بەکۆمەڵ لەناو ئەو یادەوەرییەدا وەکو ئێمەی کورد ئەنفال بەزیندووی ماوەتەوە، ئەم یادەوەرییەش لەلای هەرنەتەوەیەك دووخاڵ دەگرێتەخۆ یەکەمیان خاڵە گەشەکان و ئەویدیکەیان خاڵە تراژیدیاکان، دیارە ئەنفال یەکێکە لەخاڵە تراژیدیاکان. پێی لەسەرئەوەداگرت کەئەنفال بێبەش نییە لەم دووخاڵەو بەگرنگیزانی بۆ زیندوهێشتنەوەی یادەوەری بەکۆمەڵ، بۆ ئەوەی یادەوەری بەکۆمەڵ بکرێتە زەخیرەیەك بۆ مۆبیلازایکردنی سیاسی نەتەوەیەك لەبەدەسهێنانی دەسەڵاتی نەتەوەیی و بەرژەوەندییە نیشتمانی و نەتەوەییەکان و دواجار پاراستنیان، باسکردن لەجینۆسایدە جاهەرجینۆسایدێك بێت بەرای مامۆستا بورهان ئەنفال بێت یان هۆلۆکۆست یان ئەرمەن مێژوو سیاسەت دووتەوەرەن لەیەك جیانابنەوەو تێکەڵاوی یەکترن هەموو ئەم تراژیدیایانە پێمان دەڵێن رابردوو لێژەیە لەدیدی جینۆسایددا بەهەمیشەیی رابردوو ئامادەیە، واتە ئامادەبوونی مێژووە لەناو سیاسەتدا کەواتە بەکارهێنانی مێژوو لەبەکارهێنانی هۆشمەندی سیاسیدابەتەواوی شوێنی خۆی گرتووە، پەنجەی خستەسەرئەوەی کەلەخەباتی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمدا سێ تەوەرەی گرنگ هەیە تەوەرەی دوێنێ و تەوەرەی ئەورۆو تەوەرەی سبەینێ، هەرسێکیان تێکەڵاوی یەکیتردەبن، واتە جینۆساید یەکێك لەوشتانەیە کەوامێژوو سیاسەت و داهاتوو بەچڕی و بەچاکی تێکەڵاوی یەکتریان دەکات جیاکردنەوەشیان لەوئاستەدا ئاستەمەو بەنموونەیەکیش ئەوەی پشتڕاستکردەوە کەخەباتی ئەرمەن لەدوای ساڵی (١٩١٥) وە تائێستا ئەوەمان پێ دەڵێ کەئەرمەنەکان ئەمڕۆ (٩١) ساڵ لەدوای ئەو جینۆسایدە کەدەوڵەتی عوسمانی بەرامبەر ئەرمەن کردی هەنوکە جینۆسایدی ئەرمەن لەئێستادا ئامادەیە، خەباتی ئەرمەنەکان ئەوەمان پێ دەڵێن کەشەوورۆژیان خستۆتە سەر بۆ ئەوەی قرکردنی ئەرمەن بناسێنرێت و لەبواری سیاسی و دیبلۆماسیدا هەوڵی زۆریانداوە، لەدرێژەی باسەکەیدا ئەوەی خستەڕوو کە جینۆسایدی ئەرمەن سەریەشەیەکی بۆ وڵاتی تورکیا درووستکردووەو بەراستەوخۆیی پێمان دەڵێن کەجینۆسایدی ئەرمەن لێژەیە، بەمشێوەیەش لەسەر ئەم خاڵە گرنگەش دوا: ئەوەی کەمن نیگەران دەکات ئەوەیە کەکورد چەند ساڵێك دوای ئەنفال بەلایەنی عەرەبی دەڵێت کەزامەکانی دوێنێمان سارێژکراون، گوتاری یەکێك لەسەرکردەکانمان باس لەوەدەکات کەلەڕۆژی (٢٠٠٥/١/١٢) کەکۆمەڵێك میوانی عەرەبی دەبێت، پێیان دەڵێت من تائێستا هەندێك نیگەران بووم کەزامەکانی ئێمە تیمار نەکراون، بەڵام ئێستا بەراستی پێتان دەڵێم زامەکانی ئێمە تیمارکران، کەواتە دوێنێی ئێمە چارەسەرکراوەبەبێ ئەوەی تیمارکرابێت، لەراستیدا، سەرکردەیەکیتر لەچاوپێکەوتنێکیداو لەسەروبەندی نووسینەوەی دەستووردا ئاشکرای کرد کەلایەنی کوردی نەرمی نواند کەجینۆسایدی هەڵەبجەو ئەنفالی جێگیرنەکرد لەدێباچەی دەستووری هەمیشەیی عیراقدا، ئەرمەن لەدوای (٩١) ساڵ هۆشیارەو ئاگادارەو ناحەسێتەوە بۆ ئەوەمی جینۆسایدەکەی بەرەسمی بناسێنرێت، بەڵام کورد دەوڵەتێك بیناەدەکاتەوە کەلەدیباچەی دەستوورە نوێیەکەیدا جێگای دوو دێڕ ناکاتەوە کەباس لەئەنفال و هەڵەبجە بکات. شیکردنەوەیەکی زیاتریدا لەسەر چەمکی جینۆسایدو ئاماژەی بەتیورەی مۆدێلی (هێلبێرت)دا کەلەساڵی (١٩٨٥) لەرێی کتێبێکییەوە هاتۆتە ناساندن و مۆدێلێکی تیوری هەیە لەسەر مەسەلەی جینۆسایدو دەڵێ: جینۆساید قۆناغی هەیە، یەکەم پێناسەکردنە، دووەم کۆکردنەوەی قوربانییەکان، سێیەم لەناوبردنی بەتەواوەتی قوربانییەکان. دواتر کارەکانی عارف قوربانی و عەبدوڵڵای کەریم مەحمودی لەوبارەیەوە بۆ بەدۆکیۆمێنتکردنی ئەنفال و بۆ بەزیندووهێشتنەوەی بەرزنرخان. بەشێوەیەکی ئەکادیمی چەمکی جینۆسایدی بۆ ئامادەبوان شیکردەوەو لەڕووی نێونەتەوەییشەوە ئاماژەی بەوەدا لەرێگای نەتەوەیەکگرتووەکان و بەتایبەتی پەیمانی ساڵی (١٩٥١)وە لەیەکچونێکی زۆر هەیە، بەومانایەی جینۆساید کارێکی بەخواستە بەدەستی ئەنقەست ئامانجی لەناوبردنی گروپێك یان بەشێکی ئەو گروپەیەو پێویست ناکات هەموو کورد لەناو بڕێت و باسی جینۆسایدی کورد بکرێت، بەتەواوی ئەو پرۆسانەی بۆ لەناوچوونی کورد پێکهێنرابوون دەچێتەچوارچێوەی جینۆسایدەوەو جینۆساید ماناکەی بەبەراورد بەرابردوو فراوانکراوە، بواری ئەوەی تیادا هەیە ئیتر ئەو ڕەخنانەی ئەو دەنگانەی جاروبار بەرزدەبنەوە دەڵێن جاخۆ ڕژێمەکەی سەدام تەنها سەت هەزار یان پەنجاهەزاری کوشتووە، بەپێی ئەو پێناسەیەی کەئەکادیمییەکان لەسەری ڕێککەوتن دەچێتە چوارچێوەی جینۆسایدەوە هەروەها نەتەوەیەکگرتووەکانیش لەساڵی(١٩٥١) کۆکە لەگەڵیدا، زۆر زیاترلەوە فکرەی جینۆسایدی خستەبەر شیکردنەوەوەو وای بۆچووبوو لەگوتاری ئەفسانەیی و دینی و فەلسەفی و زانستیدا جێی دەبێتەوە، ئینجیل و تەورات و قورعانی بەنموونە هێنایەوە کەجینۆساید لەوکاتانەشدا هەبووەو خەڵکیان بەکۆمەڵ ڕووبەڕووی کوشتن کردۆتەوەو بەغەزەبی خوایان زانیوە، تەئکیدی لەسەر ئەوەکردەوە بۆ بەجینۆسایدکردنی ئەنفال و چەسپاندنی لەوچوارچێوەیەدا پێویستیمان بەخوێندنەوەی کلتوری بەعس و جارێکیتر لێکدانەوە بۆ گرفت و کێشە ناوخۆیی و نێونەتەوەییەکان هەیە، بەگرنگیزانی چاو بەوەدا بگێڕینەوە کەکێشەو ململانێکانی نێوان بەعس و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان تەنها ناوخۆیی نەبووە، خەڵکی کوردستان کێشەی لەگەڵ دەوڵەتی عیراقدا هەبووە هەندێکجار چڕبۆتەوە هەندێکجار خاوبۆتەوە، تەوەرێکی تری لێکۆڵینەوەکەی بریتییە لەوەی کەئایدۆلۆژیا ڕەوایی دەدا بەجینۆساید واتا کەسی جەللاد دەیکاتە هۆکارێکی گەورە بۆ ئەوەی جینۆساید بەباشترین شێوە پراکتیزەبکات، گرنگ نییە کەسی قوربانی ناوی چییە گرنگ ئەوەیە لەهەموو بەهایەك ڕووتبکرێتەوەو لەچوارچێوەیەکدا کەناوی جینۆسایدبێت مەرامەکانی خۆی جێبەجێبکات ، مێشکی دەشواتەوە لەهەموو بەهایەکی مرۆیی و چەندین ناوو ناتۆرە بۆ قوربانی دادەتاشێ وەکو دەستی دوژمن، خۆفرۆش، ئەویش لەقسەکانی سەدام و عەلی حەسەن مەجید بەتەواوی ڕەنگی دابۆوە.

د. بورهان یاسین

aramwela@yahoo.com

بەبێ ئامانج تیرۆر بەرەو کوێ؟

■ هیوا ڕەفیق*

تیرۆر خاوەن ڕەگ و ڕیشەیەکی مێژویی کۆنەو سەرەتاکانی سەرهەڵدانی دوورە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی بەنێوی ئاژاوەگێڕی تۆقاندن دەست پێدەکات و لەچوارچێوەی وڵاتێك یان هەرێمێکدا سەریهەڵداوە زۆرجاریش هێندەی ئامانج بووە بۆ تۆڵەسەندنەوە نەیوستووە کارێك بکات ئەوەشمان بیر نەچێت کە تیرۆر هەندێك جار حاڵەتێکی وەرسی پوونی کۆمەڵایەتی بووە هەروەك سەرەتاکانی سەر هەڵدانی ئەم دیاردەیە لەئیتاڵیا دەبینین کە ئاژاوەگێڕەکان دەیان وت بەهۆی بێزاریمانەوە دەمانەوێت بمرین. خۆتەقاندنەوە لەنێومەجلیسی عمومدا بەبەکارهێنانی بۆمبی بزمار ڕێژکراو لەدیارترین دیاردەکانی تیرۆرن لەسەدەکانی پێشوودا، بەڵام دواتر شێوازەکەی بەتەواوی دەگۆڕێت و چایخانە و قاوەخانەکان و شوێنەگشتییەکان دەکات بەئامانج بۆ ترساندن ئەگەر بێت و بەوردی سەیری ئەو قسانە بکەین کەلەرۆژنامەکانی (ئازادی)ئەڵمانی و ئیتاڵیدا دەنووسران بەڕوونی دەردەکەوێت کە تیرۆر هەرلەسەرەتای دروست بوونییەوە هیچ ئامانجێکی دیاریکراوی نەبووە، بەڵکو تەنها مەبەستی ئاژاوەگێڕی بووە لەنێو خەڵکداو ویستویەتی ترس لەناخی هەموو تاکێکدا بڕوێنێت هەربۆیەش زۆرجار بەناوی ئازادییەوە دەهاتن و ئازادی یان دەکردە بیانوو بۆ کوشتن و ترساندن لێرەدا قسەیەکی ئانارشیزمەکان هەیە کەبەڵگەیەکی جوانی ئازادی کردنە بیانون بۆ کوشتن کە بە پۆلیسەکانیان دەووت تۆ بەناوی یاسا دەتەوێت دەستگیرم کەیت، بەڵام من بەناوی ئازادییەوە دەتکوژم کەواتە بەردەوام لەوشوێنانەی ئازادی بەربڵاوبوونی هەیە شوێنێکی باش دەبێت بۆ سەرهەڵدانی گروپ گەلی تیرۆریستی هەروەها ئاژاوەگێڕی و مافیا هەر بۆیەش ئەوانەی دژ بەدیموکراسی و ئازادین قسەیەکی تارادەیەك ڕاستیان هەیە کەدەڵێن: دیموکراسی بەناوی ئازادییەوە دوژمنەکانی خۆی پێدەگەیەنێت بەمانای ئاژاوەگێڕان بەردەوام سوود لە ئازادی وەردەگرن و دەیکەن بە هۆکارێك بۆ کارە ئاژاوەگێڕییەکان هەرچەندە ئەمڕۆ ڕێگا گەلی جۆربەجۆر هەن کەلەژێر سیستمی ئازادیدا لەدایك بوون و ڕێدەگرن لەدروستبوونی گروپ گەلی تیرۆریستی یان ئاژاوەگێڕی هەر بۆیەش ئەمڕۆ ئێمە لەنێو شەڕێکی جیهانیداین بەرامبەر بەتیرۆر هەرچەندە تیرۆر دوژمنێکی نادیارە، بەڵام بەردەوام ئەوان لەجیاوازییەکان دەگەڕێن ئەوان لەڕێگەی جیاوازییەکانەوە دێنە نێو کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە لەبەرئەوەی ئەوان شوێنێکی دیاریکراویان نییە بەدوای ئامانجێکی دیاریکراودا ناگەڕێن ئەوان لەبەرئەوەی بێ ئامانجن ناشیانە وێت بەدوای ئامانجێکی دیاریکراوە وەبن لێرەوە قسەیەکی زەرقاوی ئەم ڕاستییەمان بۆ زەق دەکاتەوە لەنامەیەکیدا بۆ کەسی دووەمی قاعیدە دەڵێت: ئەگەر لەعیراقیش نەبێت دەتوانین کارەکانمان بەرینە دەرەوەی عیراق بەمانای نەئەمریکا وەکو دەوڵەتێکی زلهێز یان داگیرکەری (زەوی موحەمەد پێغەمبەر)یان هێزی (تەکفیر) لەڕاستیدا ئەمانە هەمووی بیانوون لەبەرئەوەی تیرۆر هەرگیز ئامانجێکی دیاریکراوی نییە ئەوەی ئەمڕۆ (سامەرا)دەکات بەئامانج دوورنییە (ئەزهەریش) بکات بەئامانج هەروەك چۆن لەوانەیە (مەدینەش) بکات بە ئامانج کەواتە تیرۆر جیاوازی ناکات لەنێوان مەدریدو دیمەشقدا هەروەك جیاوازی نەکردووە لەنێوان لەندەن و بەغدادا یان لەنێوان عەمان و نیۆرکدا. لێرەوە تیرۆر نەئامانجێکی دیاریکراوی هەیە وەنەئومێدێکی دیاریکراو هەیە ئاخر ئەو لەوپەڕی بێئومێدییەوە هاتووە هەرگیزیش نایەوێت ئومێد بچێنێت. لێرەوە تیرۆر هێندەی دەیەوێت ژیانمان لێتێکبدات هێندە نایەوێت ژیانمان پێ بناسێنێ ئەگەر کەسێك بێئومێد بێت چۆن دەبێت ئومێد دروست بکات. بێگومانیش بێ بەرنامەیی کارێکی تری گروپەکانن کە دواتر کە هەرگیز نایانەوێت خاوەن بەرنامەیەکی هەمە جۆرو دارێژراوبن، چونکە ئەمان نایەنەوێ لەگەڵ شێوازێکی ڕێکخراودا کاربکەن، چونکە لەبەرژەوەندی ئەواندا ڕێکخراو بوون و تایبەتمەند بوونی کارێکی باشیان بۆ ناکات، لێرەوە بەرەنگار بوونەوەشی کارێکی تارادەیەك قورس دەبێت، بەڵام دەبێت بزانین ڕەوشی ژێان بەو شێوازە رازی نابێت و دەیەوێت نەیهێڵێت.

زانکۆی سلێمانی کۆلیجی یاسا
Hewarafiq@yahoo.com